

شێرزاد حەسەن

# ”من ئەوەندەی پیاوێکی بەدگومانم دەربارەی خۆم؛ ئەوەندە لەخۆم رازی نیم، چونکە رازیبوون کوێرت دەکات، مەغرورت دەکات، کەڕت دەکات، کەرت دەکات”

دیداری مەریوان هەڵەبجەیی
فۆتۆ : هێمن عەبدولقادر

بەشی شەشەم

**لەم بەشەی چاوپێکەوتنەکەیدا مامۆستا شێرزاد حەسەن باس لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەکات و وەڵامی هەندێك لەو رەخنانەش دەداتەوە کە لە رۆمان و چیرۆکەکانی گیراون، هەروەها باسی هەندێك لە نهێنییەکانی نووسین دەکات و لەوبارەیەوە وەڵامی هەندێك پرسیار دەداتەوە.**

**● لڤین: (حەسارو سەگەکانی باوکم) وەک یەکەمین رۆمانی شێرزاد حەسەن توانی ئەزموونێکی نوێ بێت لە ئەدەبیاتی کوردییداو ببێتە جێی قسەو باسێکی زۆر بە رادەیەک کە بۆ یەکەمجار بوو لە ئەدەبیاتی کوردییدا رۆمانێک تا ئەو ئەندازەیە پێشوازی لێبکرێت و ببێتە جێگەی قسەو باس، لەناو ئەو رەخنە زۆرانەی کە لەسەری نووسرا تا رادەیەکی زۆر وەک شاکارێک ستایشکرا، کام لە رەخنەکان زیاتر سەرنجی راکێشایت؟**

شێرزاد حەسەن: من هەستدەکەم خوێندنەوەکەی بەرزان فەرەج خوێندنەوەیەکی جوان بوو بۆ ئەو دەقە، خوێندنەوەکەی رێبین ئەگەرچی من لەگەڵ بۆچوونەکانی کۆك نیم، بەڵام وەك دەقێك کە دواجار رەخنەش دەقێکە وەك چۆن رۆمان دەقەو چیرۆك دەقەو شیعر دەقە، خوێندنەوەکەیم پێخۆشبوو، هەستدەکەم ئەگەرچی من وەك پێتدەڵێم و بە خۆشیم وتووە ئەو وادەزانێ من تەمجیدی دەسەڵات دەکەم، بەس من کۆی قسەکانم گومانکردنە لە دەسەڵات، هەر قسەکردن لەسەر ئەم دوو چەمکە یان ئەم بۆچوونە زۆر جیایە، بەڵام دواجار وەکو پێموتی هەندێ نووسینی تر نووسرا لێرەو لەوێ بیرم نەماوە، بەڵام وا هەستدەکەم ئەو دوو نووسینەم بیرماوە، لەوانەیە زوڵم بکەم لە خەڵکی تر کە شتی جوانیان وتبێت و ئێستا بیرمنەمابێت، نازانم بۆ؟! رەنگە سپڵەیی یان ماندووبوونی ئەم ساتەوەختەم بێت.

**لڤین: لە پاش هەژدە ساڵ ئیشکردن لەسەر رۆمانی دووەمت (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)، لەدوای بڵاوبوونەوەی قسەو باسی زۆری لەسەر کرا چ بە چاك و چ بە**

**خراپ، ئایا ئەو رەخنەو نووسینانەی کە لەسەری نووسران تا چەند توانیویانە خوێندنەوەیەکی ورد بن بۆ چوونە ناو جیهانی رۆمانەکەو گفتوگۆو جیهانبینی کارەکتەرەکانی راڤەبکەن؟**

شێرزاد حەسەن: هەندێکیان زۆر نزیکبوونەتەوە، دەقاودەق لەڕووی فکرییەوە ئەوەی من ویستوومە لەو دەقەدا بیڵێم، زۆر لێی نزیکبوونەتەوەو هەندێکیشیان زۆر دوورکەوتوونەتەوە لێی و هەندێکیان هەستدەکەم سادە خوێندویانەتەوە، بەڵام رەنگە رەخنەگر هەندێکجار یارمەتی خوێنەر بدات بۆ دەستگرتن بۆ ناو نهێنییەکانی دەقێك، بەڵام دواجار من زۆر رێزی ئەو خوێنەرە سادەیە دەگرم کە رەنگە لەڕووی فکرییەوە ئەوەندە قووڵیش نەبێت، بەڵام چێژ لە خوێندنەوەی دەقێك دەبات و شتێکی پێدەگات و سەرسامییەك دەیگرێت، مەرج نییە ئەو هەموو شیکارە فکرییە بزانێت کە من و تۆ قسەی لەسەر دەکەین، بەڵام خۆ دواجار ئیشی ئەدەب و هونەر جۆرێکە لە بەرپاکردنی سەرسامی بۆ ئەوەی چێژێك ببەخشین یان ببەینە ناو دنیایەك کە ئەو تیایدا ژیابێت، بەڵام وا هەستی پێنەکردبێت یان نەژیابێت، تۆ بۆ یەکەمجار دەستی دەگریت و دەڵێیت ئەمەش جۆرێکە لە ژیان، من هەستدەکەم ئەگەر گەمەیەکی وام کردبێت، باشە؛ ئەگەر نەمکردبێت هیچ نەبووە، هەستدەکەم ئەو کتێبەش بە باش و خراپ دەخوێنرێتەوە، ئیتر دواجار نازانم دەقێك نییە سەلامەت دەرچێت، کاتێك دەقێك بڵاودەبێتەوە دونیایەك دۆست و دوژمن بۆ خۆی دروستدەکات.

**لڤین: بەڵام رەنگە کاریگەریی حەسار بە شێوەیەکی زۆر هێشتا بەسەر خوێنەرانەوە مابێت و ئەمەش بووبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) نەیتوابێت وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی خوێنەران بێت و لەو ئاستەدا نەخوێنرێتەوە، بێگومان ئەم دوو رۆمانە دوو ئەزموونی جیاوازو بەرهەمی دوو قۆناغی جیاوازن، خۆت جیاوازیی و تایبەتمەندییەکانیان چۆن دەبینیت؟**

شێرزاد حەسەن: من وەڵامێکی کورتم هەیە بۆ تۆ، لەوەدا من پیاوێکی ئەزموونکارم، من پیشەگەر نیم، جار هەیە بە ساڵێك چیرۆکێك دەنووسم یان بە دە ساڵ شتێکی وەکو حەسار دەنووسم، من رەنگە بە دوو هەفتە حەسارم تەواوکردبێت، بەڵام پێنج ساڵ لەلام نووست، رەنگە من بە پێنج سەد سەعاتێك پێدەشتی (کارمامزە کوژراوەمان)م نووسیبێت، بەڵام حەڤدە ساڵ لای خۆم هێشتمەوە، جاری وا هەبووە بۆ سێ ساڵ خستوومەتە لاوەو خۆم لێشاردووەتەوە، چونکە گومانم هەبووە، ترسام لەوەی کە ئەوە دەقە یان دەق نییە، ئەوە ئەدەبە یان ئەدەب نییە، هەزاران جار ئەو پرسیارانەم لە خۆم کردووە، کاتێکیش کە فڕێمداوەتە ناو بازاڕەوە، بە هەمان گومانەوە فڕێمداوە، من ئەوەندە پیاوێکی بەدگومانم دەربارەی خۆم ئەوەندە رازی نیم لە خۆم وەکو تۆ دەڵێیت، ئەو رازیبوونە کوێرت دەکات؛ مەغروورت دەکات؛ کەڕت دەکات؛ کەرت دەکات، هەمیشە گومان واتلێدەکات بەردەوام هیلاك بیت و پرسیارو گومانت هەبێت لەسەر خۆت و کاری خۆت، قەناعەتم وایە جیاوازیی ئەم دەقە لەگەڵ دەقەکانی تر ئەوەیە کە زۆربەی چیرۆکەکانی ترم بە زمانی شاری نووسراوە، بۆ یەکەمجار هاتوومەتەوە دەشتی هەولێرو ئیشم بە زمانی حەیران کردووەو ئەمە کولتوورێکە بەنیسبەت ئەو نەوەیەوە زۆر تازەیە، رەنگە خەڵك هەبێت هەموو سیحری ئەو دەقە لە زماندا ببینێت و نەوەیەکیش هەیە کە نەوەی ئەمڕۆیە پەسەندی ناکات، گوێم لێبووە ژمارەیەك خەڵك هەموو شکستی من لەو دەقەدا دەگەڕێننەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە، گەڕانەوە بۆ ناو رۆحی دەشت و ئەو کەلەپوورە کە هەیە، من هەموو هیلاکیم لەم حەڤدە ساڵەدا ئەوە بووە بە رۆحێکی زۆر شاعیرانە لە رۆحی پاڵەوانێکی دەشتەکی، زمانێك بەرهەمبهێنم کە غەرق بێت لە شیعر، دیارە لێرەش سەردەستەیی زمانی ئیمارەتی بابان لە نالی و سالمەوە دەستپێکردووەو ئەمە ئەوەی

## "من دەمەوێت بڵێم زمانی دەشتی هەولێر هەمان شاعیرێتی تیایە وەك ئەو زمانەی کە ئەدیبێك یان نووسەرێکی سلێمانی پێیدەنوسێت"

لای ئێمە دروستکردووە کە زمانی ناوچەی سلێمانی زمانێکە سەردەستەیی خۆی پیشاندەدات و ئاڵاو واڵای خۆی پیشاندەدات، بەڵام من دەمەوێت بڵێم زمانی دەشتی هەولێر هەمان شاعیرێتی تیایە کە ئەدیبێك یان نووسەرێك لەناو شاری سلێمانی پێیدەنووسێت کە رەنگاورەنگترین نووسەری وەك بەختیار عەلی لە بواری رۆماندا کاری پێدەکات، بۆ نموونە؛ زمانێکی رەنگاورەنگی هەیە من دەمەوێت بڵێم زمانێکیش هەیە فەرامۆشکراوە، بەس زمانێك نییە مردوو بێت، زمانێکە پڕ لە جوانیی نەبینراوە، گەڕانەوەی من بۆ حەیران و بۆ ئەو میراتەی دەشتی هەولێرو بۆ ئەو رۆژگارە کە دیسان بە شێوەیەکی زۆر رەمزی باسی قەتڵوعامی ئافرەت دەکەم بەدرێژایی مێژووی کوردو باسی ئەو سیستەمە دڵڕەقەی پەتریارکییەت دەکەم دەرحەق بە عیشق و

## "من حەزم لە وتنی حەقیقەتە تا رادەی مردن و شەهادەت، ئەمەش مانای ئەوە نیە خەونی منە کە بکوژرێم، بەڵام خۆم رادێنم لەسەر وتنی حەقیقەت"

ئەڤین و ئیرۆسییەت، دیارە چەندین رەهەند هەیە لەو ئیشەدا کە نووسیومە، رەنگە لە هەندێکیاندا سەرکەوتووبووبم یان شکستم هێنابێت، نازانم! بەڵام ئەوە دواجار ئەو خەڵکەیە وەکو تۆ دەڵێیت بە بە جۆرێک لەجۆرەکان تۆی دەوێت، کە هەر لەسەر ئەو دۆخە برۆیت یان هەر ئەو زمانە بەکاربهێنیت یان هەر لەو فەزایەدا بیت، بەراستی وەکو پێموتی لە سەرەتادا پیاوێکی ئەزموونکارم، ئەزموونکارییش واتە بتوانیت هەر جارێک بتەوێت رەنگی خۆت بگۆڕی؛ دەنگی خۆت بگۆڕیت؛ زمانی خۆت بگۆڕیت، بەردەوام لەنێوان چیرۆکێک و چیرۆکێکی تردا ئەو گەمەیە دەکەم، نامەوێت سەقامگیربم بە شێوازێک یان بە تەکنیکێک یان بە فەزایەک یان بە کارەکتەرێک، پێمخۆشە ئەگەر پێمبکرێت بەردەوام لەو ئەزموونکارییەدا بم، چونکە بەراستی لەو بیستوپێنج ساڵەی کە دەنووسم زۆربەی کات وەک فەرمانبەر ئیشمکردووە، جاروبار بە حەز دێمە ناو نووسین، بەڵام من پیشەگەر نیم، دەتوانم ناو لە خۆم بنێم پیاوێک تا ئێستاش ئەزموونکارەو ئەزموونکارییش واتە گۆڕینی زمان و فەزاو کارەکتەرو شێوازو هەمووئەو پایانەی کە گوایە خەڵک واهەستەکەن کۆی ئەدەب و نووسینی منی لەسەر بەندە، ئەوە بەو مانایانە نییە کە من لەسەر ئەو پایانە بمێنمەوە تا سەر، هەستدەکەم پێویستە ئەو کۆشکانە بگۆڕرێت ئەگەر کەلاوەیە یان کۆشکە، هەرچییەکە دەبێت زوو زوو گەمەی لەناودا بکەم و بیگۆڕم.

**لڤین: مامۆستا لای بەرێزت پرۆسەی نووسین چەندە ئەزموون و مەعریفەیە و ئایا شتێک بە ناوی بەهرەوە بوونی هەیەو دەتوانێت رۆڵ ببینێت و کاریگەریی هەبێت لە نووسیندا؟**

شێرزاد حەسەن: هیچ کەسێک نییە لەدایک بێت و بەهرەی نەبێت، دەکرێت هەر کەسێک بەهرەیەکی تیابێت، هەستدەکەم مەعریفەت لە بەهرەش گرنگترە، واتە مەعریفەت ئەگەر هەوڵ و خولیاو تەقەللابێت، هەموو ئەو کەسانەی خەونیان هەیە هیلاک دەبن، خولیایان هەیەو باش دەخوێننەوەو باش بیردەکەنەوەو ماندوودەبن و شەونخونی دەکەن، ئەمانە دەکەن بە مەرام و ئامانجی گەورە گەورەو خەونی گەورەی خۆیان، کەسی تەمەڵ و تەوەزەل ناگات بە هیچ شوێنێک، بۆیە گومانم لەو بەهرەیە هەیە، ئەسڵەن بڕوام بە بەهرە نییە، بەو مانا تەقلیدییەی من بڕوام بە هەوڵ و تەقەلا هەیە، بەڵام دەکرێت مرۆڤەکان بە هەستیان لە یەکتری جیابن، ئەوانەی ئێستا نانووسن هەستیان جیاوازە، ئەگەر دە کەس دیمەنێک ببینن هیچیان وەکو یەکتر نایبینن، گەر چەند چیرۆکنووسێک هەمان ئافرەت ببینن وەکو یەک نایبینن، هەمان رووبارو هەمان شاخ ببینن، هەمان حیکایەتمان گوێلێنابێت، ناکرێت پێمانبڵێن ئەو حیکایەتە بگێڕنەوەو هەموومان وەک یەک بیگێڕینەوە، بڕوام وایە تواناکانی مرۆڤ بەتەنیا توانایەک نییە خۆڕسکی لەدایکبووبێت و لەگەڵتابێت، بەڵکو هەمووی هەوڵ و تەقەللاو ماندووبوونی لەپشتەوەیە، بۆیە بلیمەتیی بەشێکی زۆری تەقەللاو هیلاکی و هەوڵدانە.

**لڤین: مامۆستا پرسیارێکی شەخسیم هەیە؟ ناوی شەخسی خۆت (شێرزاد) بە مانای نەوەی شێر دێت، ئایا خۆت حەزدەکەیت نەوەی شێرێک بیت، یان نەوەی کارمامزێک؟**

شێرزاد حەسەن: باوکم لە گەنجێتیدا و بەرلەوەی ژنیش بهێنێت، هەر شتێکی ئازای بینیایە پێیدەوت شێرە، سەگێکی ئازا؛ کەرێکی ئازا؛ کەڵەشێرێکی ئازا؛ زەلامێکی ئازا، هەرچییەکی ئازای بینیبێت وتویەتی ئەوە شێرە، ئەمە چیرۆکی باوکمە؛ من لەدایکبووم، نۆبەرەبووم، ناوی لێنام شێرزاد، بەحساب دەبێت شێربم، من حەزم لە وتنی حەقیقەتە تارادەی مردن و شەهادەت، ئەمەش بەو مانایە نییە خەونمە بکوژرێم، بەڵام خۆم رادێنم لەسەر وتنی حەقیقەت، ناشزانم تائێستا چەندم وتووەو ناشزانم لە ئایندەدا چەندی دەڵێم و چەندی ناڵێم، دەکرێت من لە داهاتوودا کە پیردەبم یان لەئێستادا بترسم، من زۆرجار هەندێ ترس هەیە لە خێزانەکەمەوە بۆمدێت کە پێمدەڵێت ئەوە مەکە ترسناکە، لەبەرئەوەی تۆ دەکوژرێیت و من بێوەژن دەبم، چونکە دەزانم دایکی بێوەژن بووە، من زۆر رێزی دەگرم و دەڵێت منداڵەکانت با گەورەبن، هیچ نەبێ لە وتنی حەقیقەتدا حەزمدەکرد شێر بم، بەڵام ئەگەر بێت و هەڵمبژێرن لەنێوان ئەوەی من وەک پڵنگێک ئاسک بخۆم یان ئاسکەکە بم، من لەوێدا قەت حەزناکەم ئەو پڵنگە بم کە ئاسکەکە دەخوات، پێمخۆشەو وام پێچاکترە ئاسکەکە بم، واتە لەنێوان جەلادو قوربانی، نازانم زۆر زەحمەتە؛ بۆ منێک کە دەزانم جەلاد چ بوونەوەرێکە، ئەگەرچی خۆی زەبوون و ماندوو قوڕەبەسەرو هیلاک و قوربانییە، بەڵام دواجار ناوی جەلادە، رستەیەکم ئێستا بیرکەوتەوە ئەوەیە کە لە شوێنێکدا قوربانییەک بە جەلادەکەی دەڵێت قامچییەکە جوان بوەشێنە لەبەرئەوەی تۆ لە وەشاندنی قامچییەکەت و لەتوپەتکردنی قامچییەکەت لەسەر پشتم منداڵەکانی خۆت بەخێودەکەیت، حەزدەکەم چاکتر قامچییەکەت بوەشێنیت، من هەستدەکەم ئەو بوونەوەرە ماسۆشییەم لە ژیانمدا.